
جمعية خدمة المحتوى
الإسلامي باللغات

ضيوف الرحمن
hajjumrh.com



# پوختەیەك سەبارەت بە سیفەت وچۆنیەتی ئەنجامدانی عومرە وحوکمەکانی

کوردی سۆرانی

كردي (سوراني)

ضيوف الرحمن
hajjumrh.com

## شركاء التنفيذ :

دار الإسلام　　بيان الإسلام　　رواد التراجم　　المحتوى الإسلامي

يتاح طباعة هذا الإصدار ونشره بأي وسيلة مع
الالتزام بالإشارة إلى المصدر وعدم التغيير في النص

Tel : +966 50 244 7000
info@islamiccontent.org
Riyadh 13245-2836
www.islamiccontent.org

**پوختەیەك سەبارەت بە سیفەت وچۆنیەتی ئەنجامدانی عومرە وحوكمەكانی**

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على نبينا محمد، وعلى آله وصحبه أجمعين.الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على نبينا محمد، وعلى آله وصحبه أجمعين.

**پاشان:**

ئەمە ناميلكەيەكی پوختە سەبارەت بە سيفەت وچۆنيەتی ئەنجامدانی عومرە وحوكم وئادابەكانی، وبەپەرۆش بووين لەسەر ڕوونكردنەوەی زۆرينەی ئەو شتانەی عومرەكار پێويستييەتی.

داواكارين لە خوای گەورە بە دڵسۆزی لە پێناو زاتی پيرۆزی ئەو بێت، وهەموو مسوڵمانان سوودی لێ ببينن.

**ليژنەی زانستی لە (كۆڕگەی خزمەتگوزاری بڵاوكراوە ئيسلاميەكان بە زمانەكانی جيهان - جمعية خدمة المحتوى الإسلامي باللغات)**

# یەکەم: مەرجەکانی قبوڵبوونی پەرستن

## پەرستن لە لای خوای گەورە -سبحانه وتعالى- قبوڵ نابێت مەگەر بە دوو مەرج نەبێت:

### ئیخلاس ودڵسۆزی،

مەبەست لەو کردەوەیە ڕەزامەندی اللە وبەدەست هێنانی قیامەت بێت، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ[1]﴾

واتە: ﴿(لەگەڵ ئەوەشدا) کە فەرمانیان پێ نەدرا بوو مەگەر بەوەی کە پەرستشی خوا بکەن بە دڵسۆزی ملکەچی بۆ بکەن وخۆیان بە دوور بگرن لە هەموو بیروباوەڕێکی خوارو خێچ﴾، [البينة: 5].

وپێغەمبەر -صلى اللە علیە وسلم- دەفەرموێت:

«إِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ، وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى».

«هەموو کاروکردەوەیەک بە نیەتە، وە هەموو کەسێکیش بە پێی ئەو نیەتەی هەیەتی پاداشت دەدرێتەوە»[2]

### شوێنکەوتنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-

لە پەرستشدا بە قسە وکردەوە، پێغەمبەر -صلى اللە علیە وسلم- دەفەرموێت:

«مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنَا هَذَا مَا لَيْسَ فِيهِ فَهُوَ رَدٌّ»

«ئەوەی کردەوەیەک (پەرستنێک) دابهێنێت لەم ئاینەی ئێمە کە (لە بنەڕەتدا) تێیدا نەبێت؛ ئەوا ئەو کردەوە (داهێنراوە) ڕەت دەکرێتەوە»[3]

لە گێڕانەوەیەکی (مسلم: 1718)دا هاتووە:

«مَنْ عَمِلَ عَمَلًا لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ».

«هەرکەسێک کردەوەیەک بکات کە لە دینی ئێمە نەبێت؛ ئەوا ئەو کردەوەیە وەرناگیرێت وڕەت دەکرێتەوە»[4]




[1] واتا: گەڕانەوە بۆ لای ئەو وپەرستنی، وپشتکردن لە جگە لە ئەو. (تفسير السعدي؛ ل:538)

[2] (بوخاری) گێڕاویەتیەوە؛ بە ژمارە (1)، و(موسلیم) گێڕاویەتیەوە؛ بە ژمارە (1907).

[3] (بوخاری) گێڕاویەتیەوە؛ بە ژمارە (2697)، و(موسلیم) گێڕاویەتیەوە؛ بە ژمارە (1718).

[4] (موسلیم) گێڕاویەتیەوە؛ بە ژمارە (1718).



# دووەم: حوکمی فێربوونی سیفەت وچۆنیەتی ئەنجامدانی عومرە وحوکمەکانی

ئەو کەسەی دەیەوێت خوای گەورە بپەرستێت -سبحانه وتعالی- پێویستە فێری ڕێباز وسوننەتی پێغەمبەر بێت -صلى الله عليه وسلم-؛ بۆئەوەی کردەوەکەی بە پێی سوننەت بێت، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئامۆژگاری خەڵکی دەکرد بە شوێنکەوتنی و وەرگرتنی ڕێنموێنی وهیدایەت بە ڕێبازی ئەو، لە مالیکی کوڕی حوەیریسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:

«صَلُّوا كَمَا رَأَيْتُمُونِي أُصَلِّي».

«نوێژ بکەن (بەو شێوەیەی) منتان بینیووە نوێژ دەکەم».[5]

وله جابرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت:

«رَأَيْتُ النَّبِيَّ صلى الله عليه وسلم يَرْمِي عَلَى رَاحِلَتِهِ يَوْمَ النَّحْرِ وَيَقُولُ: لِتَأْخُذُوا مَنَاسِكَكُمْ، فَإِنِّي لَا أَدْرِي لَعَلِّي لَا أَحُجُّ بَعْدَ حَجَّتِي هَذِهِ».

«پێغەمبەرم بینی -صلى الله عليه وسلم- لەسەر پشتی ئاژەڵەکەی بەردەکانی دەهاویشت لە ڕەمی جەمەڕاتی ڕۆژی چەژنی قورباندا، ودەیفەرموو: «چۆنیەتی حەجکردن لە منەوە وەربگرن؛ نازانم لەوەیە لە پاش ئەم حەجکردنە حەجی تر ئەنجام نەدەم»[6]

[5](بوخاری) گێڕاویەتیەوە؛ بە ژمارە (6008).
[6](موسلیم) گێڕاویەتیەوە؛ بە ژمارە (1297).

# سێیەم: فەزڵی عومرە کردن

## عومرە دوو فەزڵی هەیە:
## گشتی وتایبەتی

### گشتی:

لە ئەبو هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:

«الْعُمْرَةُ إِلَى الْعُمْرَةِ كَفَّارَةٌ لِمَا بَيْنَهُمَا، وَالْحَجُّ الْمَبْرُورُ لَيْسَ لَهُ جَزَاءٌ إِلَّا الْجَنَّةَ».

«عومرە بۆ عومرە کەفارەتە بۆ ئەو تاوانانەی لە نێوانیاندا (ڕوودەدات)، وحەجی کامڵ وبێ ڕیابازی وکەمتەرخەمی؛ هیچ پاداشتێکی بۆ نییە جگە لە بەهەشت نەبێت».[7]

---

ولە عبداللەی کوڕی مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:

«تَابِعُوا بَيْنَ الْحَجِّ وَالْعُمْرَةِ، فَإِنَّهُمَا يَنْفِيَانِ الْفَقْرَ وَالذُّنُوبَ كَمَا يَنْفِي الْكِيرُ[8] خَبَثَ الْحَدِيدِ وَالذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ، وَلَيْسَ لِلْحَجِّ الْمَبْرُورِ ثَوَابٌ إِلا الْجَنَّةُ».

«بەردەوام بن لە ئەنجامدانی حەج وعومرە (بە دوای یەکدا)، چونکە دەبنە هۆی لەناوبردنی هەژاری وگوناهەکان هەروەکو چۆن کورەی ئاگر -الكير- خەوشی ئاسن وئاڵتون وزیو لەناودەبات، وحەجی کامڵ وبێ ڕیابازی وکەمتەرخەمی؛ هیچ پاداشتێکی لەسەر نییە جگە لە بەهەشت»[98]

---

فەزڵی تایبەتی عومرە کردن لە ڕەمەزاندا: لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت:

«عُمْرَةٌ فِي رَمَضَانَ تَقْضِي حَجَّةً مَعِي»[10].

«عومرەیەك لە ڕەمەزاندا وەکو حەج کردنێك وایە لەگەڵ من»[10]

❊❊❊

---

[7](بوخاری) گێڕاویەتیەوە؛ بە ژمارە (1773)، و(موسلیم) گێڕاویەتیەوە؛ بە ژمارە (1349).

[8](تیرمزی) گێڕاویەتیەوە؛ بە ژمارە (810)، و(نەسائی) گێڕاویەتیەوە؛ بە ژمارە (2631).

[9]الكير: کورەی ئاگری ئاسنگەر وئاڵتون سازە. التمهيد لابن عبد البر (15/ 102)

[10]واتا: یەکسانە بە حەج کردنێك لە گەڵ من، هەروەکو لە گێڕانەوەکانی تردا هاتووە.

# سیفەت وچۆنیەتی ئەنجامدانی عومره



# یەکەم: حوکمەکانی میقاتەکان

**میقاتەکان:** ئەو شوێنانەن کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دیاری کردوون بۆئەوەی ئەو کەسەی دەیەوێت حەج یان عومرە ئەنجام بدات نیەتی ئیحرامی تێدا بهێنێت.

---

ئەوەی بەهەریەکێک لەو میقاتانەدا تێپەڕ دەبێت ونیەتی حەج یان عومرە هەبێت: ئەوا واجبە لەوێوە جلەکانی ئیحرام بپۆشێت، وڕێگەپێدراو نیە ئەو شوێنە تێبپەڕێنێت بە بێ ئیحرام بەستن.

---

وهەرکەسێك شوێنی نیشتەجێبوونی نزیکتر بێت لە مەککە بە بەراورد لەگەڵ میقاتەکان: ئەوا شوێنی خۆی میقاتیەتی؛ وهەر لەوێوە ئیحرام دەبەستێت بۆ ئەنجامدانی حەج وعومرە.

---

هەرکەسێك لە خەڵکی مەککە بیەوێت نیەتی ئیحرام بهێنێت: ئەوا بۆ ئەنجامدانی حەج لە ناو شاری مەککەوە ئیحرام دەبەستن، بەڵام بۆ ئەنجامدانی عومرە: دەردەچن بۆ نزیکترین حیل❊ ولەوێوە ئیحرام دەبەستن، وەکو تەنعیم وشوێنەکانی تر. ❊(حیل واتا: هەر شوێنێك دەرەوەی سنووری حەرەمی مەککەی پیرۆز بێت).

وئـــەوەی لـــە نێـــو فڕۆکـــەدا بێـــت: نیەتـــی ئیحـــرام دەهێنێـــت ئەگـــەر بـــە ئاســـتی میقـــات تێپـــەڕ بێـــت، خـــۆی ئامـــادە دەکات وجلەکانـــی ئیحـــرام دەپۆشـــێت لـــە پێـــش گەیشـــتن بـــە ئاســـتی میقـــات، ئەگـــەر گەیشـــت بـــە ئاســـتی میقـــات دەســـتبەجێ نیـــەت دەهێنێـــت، ونابێـــت نیـــەت هێنـــان دوا بخـــات هەتاوەکـــو لـــە فڕۆکەخانـــە دادەبەزێـــت، ودەتوانێـــت لەپێـــش گەیشـــتنە ئاســـتی میقـــات نییـــەت بهێنێـــت؛ نـــەوەك بەهـــۆی خێرایـــی فڕۆکەکـــە نەتوانێـــت لـــە شـــوێنی دیاریکـــراوەوە دەســـت بکات بە نییەت هێنان



## دووەم: سیفەت وچۆنیەتی ئیحرام وحوکمەکانی:

**ئەو کەسەی دەیەوێت ئیحرام ببەستێت؛ ئەم شتانە ئەنجامدەدات:**

**خۆشۆردن،** ئەمیش سوننەتێکە جەختی لەسەر کراوەتەوە بۆ پیاوان وئافرەتان تەنانەت بۆ ئەو ئافرەتەی لە سوڕی مانگانە یان وزێستانیشە.

---

**خۆ بۆن خۆش** کردن بە خۆشترین بۆنێک لەبەردەستدایە جا بۆنی عود یان هەر بۆنێکی تر بێت دەیدات لە سەری ولەڕیشی، خۆ ئەگەر بۆنەکەش بمێنێتەوە لە پاش بەستنی ئیحرام ئەوا زەرەری نیە. وسەبارەت بە ئافرەت ڕێگەپێدراو نییە خۆ بۆن خۆش بکات بە بۆنێک کە بڵاو دەبێتەوە؛ هەتا پیاوانی نامەحرەم بۆنی نەکەن.



**پۆشینی جلەکانی ئیحرام،** ئەمیش بریتیە لە دوو پارچە پۆشاک بەشی خوارەوە پێی دەوترێت -ئیزار- وبەشی سەرەوە پێی دەوترێت -ریدائ-، وسوننەت وایە سپی وپاك ونوێ بن، وئافرەت دەتوانێت هەموو جلێك بپۆشێت کە داپۆشەر بێت وشۆخ وشەنگی دەرخەر نەبێت، وخۆی بە دوور دەگرێت لە پۆشینی نیقاب ودەست کێش، دەمو چاو ودەستەکانی دا دەپۆشێت بە غەیری نیقاب ودەست کێش لەکاتی پێویستیدا.

ئیحرام بەستن لە پاش نوێژەکان ڕێگەپێدراوە، ئینجا نوێژی فەرز یان سوننەت بێت، وە واجب نییە ئیحرام لە دووای نوێژەوە بێت.

---

لەکاتی نییەت هێناندا دەڵێت: (لبيك اللهم عمرة) واتە: (خودایە وەڵامی بانگەوازەکەی تۆم دایەوە وعومرە ئەنجام دەدەم)، وئەگەر عومرە بکات بۆ کەسێکی تر دەڵێت: (لبيك اللهم عمرة عن فلان) واتە: (خودایە وەڵامی بانگەوازەکەی تۆم دایەوە وعومرە ئەنجام دەدەم لە جیاتی فڵانە کەس وناوی دەبات).

---

وئەگەر بیەوێت ئیحرام ببەستێت ودەترسێت لەوەی بەربەستێك بێتە پێشی ونەتوانێت عومرەکەی یان حەجەکەی تەواو بکات؛ ئەوا دەبێت لە کاتی ئیحرام بەستندا مەرج دابنێت وبڵێت: (لبيك اللهم عمرة، وإن حبسني حابس فمحلي حيث حبستني) واتە: (خودایە وەڵامی بانگەوازەکەی تۆم دایەوە وعومرە ئەنجام دەدەم، وئەگەر شتێك بووە ڕێگرم -ئەوا کۆتایی بە ئیحرامەکەم دەهێنم- لەو شوێنەی کەوا ڕێگرەکەت هێناوە ڕێم)، ئەگەر مەرج دابنێت وشتێکی ڕێگر بێتە پێشی لە تەواوکردنی عومرە یان حەج ئەوا کۆتایی بە ئیحرامەکەی دەهێنێت ولێی دەردەچێت وهیچ شتێکی لەسەر نییە.

---

پاشان زۆر تەلبیە دەکات: (لبيك اللهم لبيك، لبيك لا شريك لك لبيك، إن الحمد والنعمة لك والملك لا شريك لك) واتە: (خودایە فەرمانەکانی تۆمان جێبەجێ کرد وملکەچ بووین، خودایە فەرمانەکانی تۆمان جێبەجێ کرد وملکەچ بووین وهیچ هاوبەش وشەریکێکت نیە، بە دڵنیاییەوە هەموو حەمد وسوپاس ومولکێک تەنها بۆ تۆیە، هیچ هاوبەش وهاوەڵێکت نییە)؛ پیاوان دەنگیان بەرز دەکەنەوە لە کاتی ووتنی، هەروەها ئافرەتانیش؛ بە مەرجێك پیاوی نامەحرەمی لێ نەبێت.

پێویستە ئەو کەسەی ئیحرامی بەستووە زۆر تەلبیە بکات بە تایبەت لە کاتی گۆڕینی حاڵ وکاتەکان وەکو کاتی بەرزبوونەوە یان دابەزین بۆ شوێنێك، یان لە کاتی هاتنی شەو یان ڕۆژ.[11]

---

تەلبیە کردن ڕێگەپێدراوە لە کاتی عومرە کردندا لە ئیحرام بەستنەوە هەتا دەست دەکات بە تەواف.

---

واجبە لەسەر ئەو کەسەی لە ئیحرامدایە بەئاگا بێت سەبارەت بە تووشبوون بە شتێك لە قەدەغەکراوەکانی ئیحرام هەتاوەکو کۆتایی دەهێنێت بە ئیحرامەکەی.

## سێیەم: سیفەت وچۆنیەتی تەواف کردن


ئەو کەسەی لە ئیحرامدایە کاتێک دەڕواتە ناو مزگەوتی حەرام سوننەتە پێی ڕاستی پێش بخات ونزای چوونە نێو مزگەوت بڵێت، ولە سەحیحترین گێڕانەوە هاتووە لەمبارەیەوە ئەم نزایەیە: (اللهم افتح لي أبواب رحمتك) واتە: خوایە دەرگای ڕەحمەتت لەسەرم بکەیتەوە، ئەم نزایە دەڵێت لە کاتی چوونە نێو هەر مزگەوتێك، وتایبەت نییە بە مزگەوتی حەرام.

---

ئەگەر بیەوێت تەواف دەستپێبکات ئەوا چیتر تەلبیە ناڵێت و(ئیزتیباع) دەکات، وچۆنیەتی ئیزتیباع: بریتیە لەوەی موحریم ناوەڕاستی پۆشاکی سەرەوە بخاتە نێو باڵی ڕاستیەوە وتەنیشتەکانی پۆشاکەکە لەسەر شانی چەپی بێت؛ بۆیە شانی ڕاستی ڕووت دەبێت ودەردەکەوێت، ئەگەر تەواو تەواف بکات پۆشاکی سەرەوە -ریئداکە- دەگەڕێنێتەوە بۆ حاڵەتی پێش تەواف؛ چونکە ئیزتیباع تەنها لە کاتی تەوافدا دەکرێت.

---

[11] کاتێك مرۆڤ دەڵێت: (لبيك) واتا وەڵامی تۆم دایەوە ئەی پەروەردگار، جار لە دووای جار، واتای ئەوەیە: مرۆڤ وەڵامی پەروەردگاری دایەوە ودامەزرا لەسەر گوێڕایەڵیکردنی. (إن الحمد والنعمة لك والملك)؛ -الحمد بریتییە لە: وەسفکردنی زاتی ستایشکراوە بەوەی کامڵە لەگەڵ خۆشەویستی و بەمەزندانان، ئەگەر دووبارە بکرێتەوە دەبێتە ستایشکردن، -النعمة بریتییە لە: فەزڵی خوای گەورە بەسەر بەندەکانیەوە لە بەدەستهێنانی داواکراو ودوورخستنەوەی ناخۆشی، وکاتێك دەفەرموێت: (والملك)؛ واتا موڵك ودەسەڵات تەنها بۆ تۆیە ئەی پەروەردیگار بە تەنها خۆت خاوەن وموڵکداری هەموو شتێکیت، ووتەی: (لا شريك لك) واتا: هیچ یەکێك هاوبەشت نیە ئەی خوای گەورە لەو شتانەی تایبەتن بە زاتی پیرۆزت لە سیفەتە کامڵەکان لەوانەیش تاکبوونی لە موڵك ودەسەڵات وخوڵقاندن وبەڕێوەبردن وخودایەتیدا -پەرستراویدا-. [مجموع فتاوى ورسائل العثيمين (22/ 96)؛ بە پوختی].



ضيوف الرحمن
hajjumrh.com

پاشان دەڕوات بەرەو لای بەردە ڕەشەکە وبە دەستی ڕاستی دەستی لێدەدات وماچی دەکات، ئەگەر ماچکردنی ئاسان نەبوو تەنها دەستی لێدەدات، وئەگەر دەست لێدان ئاسان نەبوو بە شتێك دەستی لێدەدات وەکو گۆچانێك وهاوشێوەی وماچی ئەمەی کۆتا دەکات، ئەگەر دوایین ڕێگایش ئاسان نەبوو ئەوا ڕوو دەکات لە بەردە ڕەشەکە وبە دەستی ئاماژەی بۆ دەکات ولەم کاتەدا دەستی ماچ ناکات، وباشتر وایە نەچێتە نێو قەرەباڵەغیەوە بۆئەوەی خەڵکی ئازار نەدات وخەڵکیش ئەو ئازار نەدەن.

---

ولە کاتی دەست دانی لە بەردە ڕەشەکە یان ئاماژە کردن بەدەست بەرزکردنەوە بۆی دەڵێت: (الله أكبر).

پاشان لای ڕاست دەگرێت وکەعبە دەبێت لە لای چەپی بێت، کاتێک دەگاتە (ڕوکنی یەمانی) دەستی لێدەدات بە بێ ماچکردن، ئەگەر ئاسان نەبوو خۆی تووشی قەرەباڵەغی ناکات، وئاماژەی بۆ ناکات.

---

ولە نێوان (ڕوکنی یەمانی) وبەردە ڕەشەکە دەڵێت: (رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ) واتە: (پەروەردگار لە دونیادا چاکەمان پێ ببەخشە وە لە دوا ڕۆژدا چاکەمان پێ ببەخشە وە لە سزای ئاگر بمانپارێزە).

---

وهەرکاتێک بە ئاراستەی بەردە ڕەشەکە تێپەڕ بێت دەستی بەرز دەکاتەوە ودەڵێت: (الله أكبر).

---

ولە کاتی تەوافدا ئەوەی بیەوێت دەتوانێت بیڵێت لە زیکر ونزا وخوێندنەوەی قورئان.

---

سوانمەت وایە تەنها لە سێ خولانەوەی یەکەمدا رەمل بکات، رەمل: بریتیە لە خێرا ڕۆیشتن لەگەڵ نزیککردنەوەی هەنگاوەکان، وە چوار خولانەوەکەی کۆتایی رەملیان تێدا نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی ئاسایی ڕێدەکات.

ضيوف الرحمن
hajjumrh.com



ئەگەر تەوافەکەی تەواو کرد بەرەو (مەقامی ئیبراهیم) دەڕوات، وئەم ئایەتە دەخوێنێت:

﴿...وَٱتَّخِذُواْ مِن مَّقَامِ إِبۡرَٰهِـۧمَ مُصَلًّى...﴾،

واتە: ( مەقامی ئیبراهیم بکەن بە جێگای نوێژی خۆتان)، [البقرة: 125] پاشان دوو ڕکات نوێژ ئەنجامدەدات لە پشت مەقامەوە ئەگەر ئاسان بوو، ئەگەر نا دەتوانێت لە هەرشوێنێکی مزگەوتەکە ئەنجامیان بدات، لە ڕکاتی یەکەم لە پاش خوێندنی سورەتی -الفاتحة-؛ سورەتی -الکافرون- دەخوێنێت:

﴿قُلۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡكَٰفِرُونَ﴾ [الكافرون: 1]

وله ڕکاتی دووەم لە پاش سورەتی -الفاتحة-؛ سورەتی -الإخلاص- دەخوێنێت:

﴿قُلۡ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ﴾. [الإخلاص: 1]

# چوارەم: سیفەت وچۆنیەتی ئەنجامدانی سەفا ومەڕوە

ئەگەر تەواف ودوو ڕکاتەکەی تەواو کرد دەردەچێت بەرەو مەسعا -لای سەفا-، کاتێك نزیك دەبێتەوە لە سەفا ئەم ئایەتە دەخوێنێت:

﴿إِنَّ ٱلصَّفَا وَٱلۡمَرۡوَةَ مِن شَعَآئِرِ ٱللَّهِ...﴾

واتە: (بەڕاستی سەفا و مەروە لەدروشمەکانی دینی خوان). [البقرة: 158]. پاشان دەڵێت: (لەوێوە دەستپێدەکەم کە خودا دەستییپێکردووە).

«أَبْدَأُ بِمَا بَدَأَ اللهُ بِهِ».

«لەوێوە دەستپێدەکەم کە خودا دەستییپێکردووە».[12]



[12](موسلیم) گێڕاویەتیەوە؛ بە ژمارە (1218).

پاشان دەچێتە سەر سەفا بەشێوازێک بتوانێت کەعبە ببینێت یان ڕووو دەکاتە ئاراستەی کەعبە، وزیکری تەوحید وتەکبیر دەکات ودەڵێت: (لا إله إلا الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد، وهو على كل شيء قدير، لا إله إلا الله وحده، أنجز وعده، ونصر عبده، وهزم الأحزاب وحده)❊؛ سێ جار دووبارەی دەکاتەوە ولە نێوانیان نزا ودۆعا دەکات، ❊(هیچ کەسێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە اللە، وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە، وهەموو شتێک موڵکی ئەوە، وهەموو سوپاسێک هەر بۆ ئەوە، وئەو لە سەر ئەنجامدانی هەموو کارێک تواناداره، هیچ کەسێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە اللە وتاك وتەنهایە، پەیمانەکەی جێبەجێ کرد، وبەندەی خۆی سەرخست، وبە تەنها خۆی شکستی هێنا بە کۆمەڵەی دووژمنان).

«لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ وَحْدَهُ، أَنْجَزَ وَعْدَهُ، وَنَصَرَ عَبْدَهُ، وَهَزَمَ الْأَحْزَابَ وَحْدَهُ»، ثُمَّ دَعَا بَيْنَ ذَلِكَ. قَالَ مِثْلَ هَذَا ثَلَاثَ مَرَّاتٍ.

«لَا إِلَـهَ إِلَّا اللـهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَـهُ، لَـهُ الْمُلْكُ وَلَـهُ الْحَمْدُ، وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، لَا إِلَـهَ إِلَّا اللـهُ وَحْدَهُ، أَنْجَزَ وَعْدَهُ، وَنَصَرَ عَبْدَهُ، وَهَزَمَ الْأَحْزَابَ وَحْدَهُ»❊؛ سێ جار ئەم زیکرەی دووبارە دەکردەوە، ولە نێوانیان نزای دەکرد. ❊(واتا: هیچ کەسێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە اللە، وهیچ شەریک وهاوبەشێکی نییە، وهەموو شتێک موڵکی ئەوە، وهەموو سوپاسێک هەر بۆ ئەوە، وئەو لە سەر ئەنجامدانی هەموو کارێک تواناداره، هیچ کەسێک شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە اللە وتاك وتەنهایە، پەیمانەکەی جێبەجێ کرد، وبەندەکەی سەرخست، وبە تەنها خۆی شکستی هێنا بە کۆمەڵە هاوپەیمانەکان).

---

پاشان لە سەفا دادەبەزێت وبەرەو مەروە دەڕوات، وکاتێك دەگاتە نیشانە سەوزەکە- گوڵۆپە سەوزەکە- بە خێرایی ڕێ دەکات تا لێی تێپەڕ دەبێت، وە ئەم خێرا ڕۆیشتە بۆ ئافرەتان ڕێگەپێدراو نییە.

---

ئەگەر بگاتە مەروە ڕێگەپێدراوە ئەو شتانەی لەسەر سەفا ئەنجامیدا لەوێش دووبارەی بکاتەوە.

---

پاشان لە مەروە دادەبەزێت وبەرەو سەفا دەڕوات، وکاتێك دەگاتە نیشانە سەوزەکە-گوڵۆپە سەوزەکە- بە خێرایی ڕێ دەکات تا لێی تێپەڕ دەبێت.



ضيوف الرحمن
hajjumrh.com



بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت هەتاوەکو حەوت جارەکە تەواو دەکات، لە سەفاوە بۆ مەروە بە جارێک حیساب دەکرێت، وگەڕانەوەی لە مەروە بۆ سەفا بەجارێکی تر حساب دەکرێت.


ولە کاتی ئەنجامدانی سەفا ومەڕوەدا ئەوەی بیەوێت دەتوانێت بیڵێت لە زیکر ونزا وخوێندنەوەی قورئان.

## پێنجەم: سیفەت وچۆنیەتی سەر چاکردن:

ئەگەر عومرەکار تەواف وسەفاو مەڕوەی تەواو کرد واجبە سەری بتاشێت یان کورتی بکاتەوە واتە بۆ پیاوان، وسوننەتە سەر تاشین یان کورتکردنەوەی هەموو بەشەکانی سەر بگرێتەوە.

وسەر تاشین باشترە لە کورتکردنەوەی، مەگەر کاتی حەج نزیک بێت بەشێوەیەك ماوەی زۆر نەبێت بۆ دووبارە دەرخاتنەوەی مووی سەر؛ لەم حاڵەتەدا باشتر وایە قژی کورت بکاتەوە وسفری نەکات.

سەبارەت بە ئافرەت لەدووای کۆکردنەوەی قژی بە هێندەی سەرەپەنجەیەك لەکۆتای قژی دەبڕێت.



# قەدەغەکراوەکانی ئیحرام

## قەدەغەکراوەکانی ئیحرام ئەم شتانەن:

تاشینی موو یان کورتکردنەوەی یان هەڵکەندنی، ئینجا مووی هەرشوێنێکی لاشە بێت.

چاککردنی نینۆکەکانی دەست وپێیەکان هەموویان یان هەندێکیان.

داپۆشینی سەر بە شتێك پێیەوە بنووسێت، وەکو: کڵاو وغوترە وعەمامە، یان داپۆشینی بە جلێك یان دەست سڕ یان کارتۆن یان هەرشتێکی تر کە مەبەست لێی داپۆشینی سەر بێت، وئەمە تایبەتە بە پیاوان وئافرەتان ناگرێتەوە.

پۆشینی جلی ئاسایی کە بە پێی ئەندامەکانی لاشە دووراوە بە شێوەیەی ئاسایی خۆی، وەکو: جزداشە، وشەڕواڵ، وکراس، وگۆرەوی ودەست کێش، ئەمە تایبەتە بە پیاوان وئافرەتان ناگرێتەوە، ئافرەتان نەهین لێکراوە لە:

پۆشینی نیقاب وبورقوع، (بورقوع: وەکو نیقاب وایە)، یان ڕوو پۆشینێك وەکو نیقاب وابێت، و واجبە ڕووی بپۆشێت لە کاتی ئامادەبوونی پیاوی نامەحرەم بە پارچە قوماشێکی ئاسایی کە ڕووی دەشارێتەوە؛ ئەگەرچیش ئەم پارچە قوماشە بەر ڕووی بکەوێت، ورێگەپێدراو نییە سەرپێچ -یان شتێکی هاوشێوە- لەسەری بپۆشێت بۆئەوەی پارچە قوماشەکە بەر ڕووی نەکەوێت؛ چونکە هیچ بەڵگەیەك نییە لەسەر ئەم کارە.

وە دەست کێش لە دەست کردن، وە واجبە دەستەکانی دابپۆشێت لە کاتی ئامادەبوونی پیاوی نامەحرەم ئەمیش بەوەی بیانخاتە نێو عاباکەیەوە.

بۆن خۆش کردنی لاشە، یان جلەکانی ئیحرام.

کوشتنی نێچیری وشکانی، یان ڕاوکردنی ئەگەرچیش نەیکوژێت.

پێشنیارکردنی هاوسەرگیری بۆ خۆی یان بۆ کەسێکی تر.

گرێبەستی هاوسەرگیری.

چێژ وەرگرتن لە خێزان؛ وەکو ماچ کردن، وبەریەککەوتن بە شەهوەتەوە.

سەرجێی کردن لە شوێنی منداڵ بونەوە.

# پوختەی کارەکانی عومرە

خۆشۆردن.

خۆ بۆن خۆش کردن.

پۆشینی پۆشاکی ئیحرام.

ئیحرام، ئەمیش بریتیە لە نیەتی چوونە نێو عیبادەتی حەج یان عومرە.

تەلبیە کردن- وتنی: لبيك اللهم لبيك-تاکۆتای

تەواف کردن.

ئەنجامدانی دوو ڕکات لە پشت مەقامی ئیبراهیمەوە.

سەعی کردن لە نێوان سەفا ومەروە.

سەر تاشین یان کورتکردنەوەی.

**وخودا زاناترە، وصلى الله وسلم على نبينا محمد.**



ضيوف الرحمن
hajjumrh.com

# پێرست


| | |
|---|---|
| پوختەیەك سەبارەت بە سیفەت وچۆنیەتی ئەنجامدانی عومرە وحوكمەكانی | 3 |
| ڕێخۆشكاری | 3 |
| یەكەم: مەرجەكانی قبوڵبوونی پەرستن | 4 |
| دووەم: حوكمی فێربوونی سیفەت وچۆنیەتی ئەنجامدانی عومرە وحوكمەكانی | 5 |
| سێیەم: فەزڵی عومرە كردن | 6 |
| سیفەت وچۆنیەتی ئەنجامدانی عومرە | 7 |
| یەكەم: حوكمەكانی میقاتەكان | 8 |
| دووەم: سیفەت وچۆنیەتی ئیحرام وحوكمەكانی: | 10 |
| سێیەم: سیفەت وچۆنیەتی تەواف كردن | 12 |
| چوارەم: سیفەت وچۆنیەتی ئەنجامدانی سەفا ومەڕوە | 15 |
| پێنجەم: سیفەت وچۆنیەتی سەر چاكردن: | 17 |
| قەدەغەكراوەكانی ئیحرام | 18 |
| پوختەی كارەكانی عومرە | 20 |

# تعرف على الإسلام

## بأكثر من 100 لغة

موسوعة القرآن الكريم
QuranEnc.com

ترجمات متقنة لمعاني القرآن الكريم بأكثر من (75) لغة

بيان الإسلام
byenah.com

مواد منتقاة للتعريف بالإسلام وتعليمه بأكثر من (120) لغة

موسوعة الأحاديث النبوية
HadeethEnc.com

ترجمات متقنة للأحاديث النبوية وشروحها بأكثر من (60) لغة

ضيوف الرحمن
hajjumrh.com

مواد منتقاة للحجـــاج والمعتمرين و الزوار بلغات العالم

جامع المحتوى الإسلامي باللغات
islamcontent.com

مواد إسلامية متنوعة وشاملة بأكثر من (125) لغة

موسوعات وخدمات إسلامية باللغات
s.islamenc.com

للمزيد
من المواقع الإسلامية
بلغـــات العـــالم

ضيوف الرحمن
hajjumrh.com

جمعية خدمة المحتوى
الإسلامي باللغات